# یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق
ژمارەی بڕیار: ١٩
مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٩/٢٣

**بڕیار**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادە (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢داو، لەسەر داخوازیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە ڕۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ دا ئەم یاسایەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣

**مادەی یەکەم:**

مادەی یەکەم لە یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەبێت:
لیژنەیەک پێک دەهێنرێت بەناوی یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەسەرۆکایەتی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و بە ئەندامێتی نوێنەرانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم و ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو لێپرسراوی فەرمانگەی (ئامار)ـەوە.

**مادەی دووەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**مادەی سێیەم:**

لەسەر وەزیرە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**